www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:06 1-12-2006

**نامەیەک بۆ وەزیری وەرزش و لاوان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تکایە پشتگیری لە سەردار ئیسماعیلی پاڵەوانی لەشجوانی کوردستان بکەن... زەردەشت هەڵەبجەیی**

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە (حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان) یشی پێ دەگوترێت، ئەوەندەی یەکگرتوویەکەی جێی هەست بە ئارامی کردنی خەڵکی ئەم هەرێمەیە، دەیان ئەوەندە بەرفراوانییەکەیەتی کە بۆتە مایەی دڵخۆشی خەڵکی کوردستان. مەبەستم لە بەرفراوانی ئەو لایەنەیەتی کە بۆ گشت بوارەکانی خزمەت کردن لە کوردستاندا وەزارەتی تایبەت دانراوە و چی دیکە داخوازییەکانی خەڵك لە نێوان نەبوونی دامەزراوەی پێویستدا بزر نابێت و ئاواتەکانیان وە ژێر پێ ناکەوێت. ئەم دڵنیاییەی من لە سۆنگەی بەرنامەی کاری ئەم کابینەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرۆکی حکوومەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بە ئاشکرا ڕایگەیاند. لە سەروو هەموو ئەمانەوە و ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، دڵخۆشی لە ڕادەبەدەری لاوانی چاو لە ڕێی ئەم نیشتمانەیە بە وەزارەتی وەرزش و لاوان کە وا بڕیارە وەزارەتێکی ئەکتیڤی ئەم کابینە نوێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان، ئەگەر چی دڵنیام پڕۆگرامێکی باشتان بۆ خزمەتی لاوانی کوردستان هەیە، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە کە لە بەر خراپی سیستەمی بەڕێوەبردن و ڕۆتینیاتی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانەیە وەك پێویست دەنگی وەرزشکاران و لاوان نەگاتە جەنابتان. سەردار ئیسماعیل غەفوری کە یەکێکە لە لاوەکانی ئەم نیشتمانە، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی بێ ئەندازەی خۆی توانیویەتی تا ئێستا چەندین نازناوی گرنگ بە دەست بهێنێت، کە بمانەوێ و نەمانەوێ بۆ هەر کوردێك لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت جێی شانازین. ئەم لاوە وەرزشکارە کە تا ئێستا لە دوو پاڵەوانیەتی جیهانیدا بەشداری کردووە و چەندین میدالیای زێڕی وەرگرتووە، ئەمساڵیش بە هۆی توانای بەرچاوی بۆ پاڵەوانێتی خولی نێودەوڵەتی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیا بانگهێشت کراوە و دوور نییە بتوانێت ئاستێکی باش پیشان بدات و سەرکەوتنێکی دیکە بۆ نەتەوەکەی تۆمار بکات.

بۆیە داوام لە بەڕێزتان وایە لە نزیکەوە ئەم لاوە ببینن و پاڵپشتییەکی تەواوی بکەن کە دڵنیام دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ سەردار ئیسماعیل و گشت وەرزشکارانی دیکەی ئەم وڵاتە. چونکە ئەوەی من لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەم لاوە وەرزشکارە گوێبیستی بووم دڵساردییە بەرامبەر نەبوونی پاڵپشتی پێویست بۆی کە ڕەنگە کاریگەری خراپی بۆ سەر ئاستی ناوبراو هەبێت لە کاتی نمایشی لەشجوانی لە قەتەر.

بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان داواکارم ئێوە پێش ڕۆیشتنی ناوبراو بۆ دەوحەی پایتەختی قەتەر (ڕەنگە پێنج شەمە سەفەر بکات) لە نزیکەوە چاوتان پێی بکەوێت و ڕێنمایی ئەوەشی بدەنێ کە لە ئەگەری بە دەست هێنانی هەر سەرکەوتنێکدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە ناو هەزاران وەرزشکاری عەرەب و ملیۆنان بینەری خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیادا بەرز بکاتەوە کە ئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت، و ئەو ڕاستییەش دووپات دەکاتەوە کە (ڕۆڵی وەرزش لە هیچ لایەنێکی دیکە کەمتر نییەلە کوردستاندا) . چونکە سەردار ئیسماعیل تاکە وەرزشکاری کوردە کە بۆ ئەم خولە وەرزشییە نێودەوڵەتییە بانگهێشت کراوە.